# موعجیزەی پێغەمبەر ئیبراهیم علیه السلام

[ kurdish – کوردی – كردي ]

## مەنسور عەلی عورابی


وەرگێڕانی: عبدالله حەسەن وەرتی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2014 - 1435

IslamHouse.com

# معجزة إبراهيم عليه السلام

« باللغة الكردية »


منصور علي عرابي

ترجمة: عبد الله حسن ورتي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2014 - 1435

IslamHouse.com

# موعجیزەی پێغەمبەر ئیبراهیم علیه السلام

سەرچاوەکانی مێژوویی وا باس دەکەن کە (ئیبراهیم) پێغەمبەر سەلامی خوای لەسەر بێت لە خاکی (بابل) عێراقی ئێستا هاتۆتە دونیاو لە دایک بووە، هەر لە منداڵیەوە خوای گەورە ژیری و دانایی و زانایی پێ بەخشیوە، رۆژێک (ئیبراهیم) دەچێتە لای ئازەرەی باوکی، کە پیشەی پەیکەرتاشی و کڕین و فرۆشتنی بت و بت پەرستی بووە، کاتێک (ئیبراهیم) باوکی و کارو پیشەکەی بینی زۆر سەرسام و دڵگران بووو ئەم رەفتارەی باوکی لە لا ناخۆش و قورس بوو، بۆیە ئیبراهیم لەگەل خۆی دەدواو دەیووت: بۆچی خەڵک شتێکی بێ گیان و بێ هەست و نەست دەپەرستن، کە نەدەبیستێت و نە دەبینێت و نەتوانای ئەوەشی هەیە چاکەیەک یان خراپەیەکت تووش بکات، چۆن ئەم بت و پەیکەرانە ئەبن بە خوا کە خەڵک بە دەستی خۆیان دروستی دەکەن و هونەرسازی تێدا بەکار دەبەن، ئەمەیە باوەڕی ئیبراهیم، ئەو کەسەی کە بە هەموو گیان و هەست و هۆش و جەستەیەوە وێڵە بە دوای دۆزینەوەی خوای راستەقینەو دادپەروەر، لەبەرئەوە کە کامل ئەبێت و گەورەبوو، زۆر بەووردی

سەرنج ئەداو ئەگەڕێ بۆ دۆزینەوەی ئەو خوایەی کە شایەنی پەرستن و بەندایەتی کردن بێت.

(ئیبراهیم) سڵاوی خوای لێ بێ، ئاوەدانی جێ دێڵێت و ئەڕوا بۆ دەشت و دەرو، سەیری دیمەنە جوانەکانی ئاسمان دەکات و لێیان وورد ئەبێتەوەو دیمەنە رەنگاو رەنگەکانی ئەستێرەکان سەرنجی رائەکێشن، تا لە ئەنجامدا خوای پەروەردگار رێگەی راستی نیشان ئەدات و هیدایەتی پێ بەخشی و کردی بە پەیامبەرو نێردراوی خۆی لەناو گەل و هۆزەکەیدا، بۆ ئەوەی رزگاریان بکات لە ژیانی بت پەرستی بۆ ژیانی یەکتاپەرستی دادگەر، وەحی و پەیامی ئامۆژگاری و یاساکانی رێنوێنی و بانگەوازی قەومەکەی بۆ رەوان دەکات و سروشی بۆ ئەنێرێتە خوارەوە لە رێگەی فریشتەکانەوە، خوای پەروەردگار (ئیبراهیم)ی زۆر خۆش دەوێت و دەیکات بە خۆشەویستی خۆی و ناودێری دەکات بە (إبراهیم خلیل) فەرمووی: ﴿وَاتَّخَذَ اللَّهُ إِبْرَاهِيمَ خَلِيلاً ﴾ [النساء: ١٢٥]

واتە: خوای گەورە (ئیبراهیم) ی کردۆتە دۆست و خۆشەویست و خەلیلی خۆی، کەوابوو ئێوەش پەیڕەوی لێ بکەن، دوای ئەنجامدانی ئەو گەشت و سەیرانە بۆ بیابان و دەشت و سەحرا بۆ ووردبوونەوەو تێڕوانین لە بوونەوەرو دروست کراوەکانی خوای گەورە، (ئیبراهیم) ئەگەڕێتەوە ماڵەوەو دل و دەروونی زۆر ئارامەو پڕ لە ئیمان، کە چووە ژوورەوە باوکی لە مال بوو لێی چووە پێشەوەو ویستی ئامۆژگاری بکات، بەڵام ئاخۆ (ئیبراهیم) بە چ شێوازێک قسەی بۆ باوکی کردبێت، بێگومان بە زمانێکی خۆش و بەویەڕی ئەدەب و نەرم و نیانی بە بەڵگەی عەقڵیەوە بۆی دواوەو بت پەرستیەکەی بە کارێکی پوچەل و بێ هودە بۆ خستۆتە روو، هەروەک خوداش بەسەرهاتەکەی لە قورئانی پیرۆزدا گێڕاوەتەوەو فەرموویەتی: ﴿ يَا أَبَتِ لِمَ تَعْبُدُ مَا لَا يَسْمَعُ وَلَا يُبْصِرُ وَلَا يُغْنِي عَنكَ شَيْئًا *يَا أَبَتِ إِنِّي قَدْ جَاءَنِي مِنَ الْعِلْمِ مَا لَمْ يَأْتِكَ فَاتَّبِعْنِي أَهْدِكَ صِرَاطًا سَوِيًّا *يَا أَبَتِ لَا تَعْبُدِ الشَّيْطَانَ إِنَّ الشَّيْطَانَ كَانَ لِلرَّحْمَنِ عَصِيًّا *يَا أَبَتِ إِنِّي أَخَافُ أَن يَمَسَّكَ عَذَابٌ مِّنَ الرَّحْمَنِ فَتَكُونَ لِلشَّيْطَانِ وَلِيًّا ﴾ [مريم: ٤٢-٤٥] واتە: بە باوکی خۆی (ئازەر) ووت: ئەی بابە: تۆ بۆچی شتێکی وا ئەپەرستی کە

نەئەبیستێ و نەئەبینێ، واتە نەگوێی هەیەو نەچاوو نەدل و نەعەقل، وە نەئەشتوانی لەکاتی تەنگانەو ناخۆشیدا هیچ زیانێکت لێ دوورخاتەوەو بتپارێزێت، ئینجا ئەڵێت: بابە؟ بێگومان بەمن هەندێ شت دەزانم دەربارەی زیندووبوونەوەو بت پەرستان، کە لەلایەن پەروەردگارم بۆم هاتووە، تۆ هیچی لێ نازانێت و بۆ تۆ نەهاتووە، لەبەر ئەوە داوات لێ دەکەم پەیڕەوی لە من و پەیامەکەم بکەی، چونکە ڕێگەی راستو هەقت نیشان دەدەم.

ئەوجارەیان (ئیبراهیم) شێوازی گفتوگۆیە کە دەگۆڕێت و پێی دەڵێ: بابە؟ شەیتان مەپەرستەو گوێڕایەڵی مەکەو وازبێنە لە بت پەرستی، چونکە شەیتان لە فەرمانی خوای بەخشندە یاخی بووە، گفتوگۆ بەردەوامەو پێی ئەڵێ: بابە! بەڕاستی گەر پەشیمان نەبیتەوە من لەوە ئەترسم ئەگەر تۆ لەسەر ئەم کارەو حاڵەوە بمری لە خوای میهرەبانەوە تووشی سزایەکی گەورە ببی، ئەو کاتە ببیە دۆست و هاوڕێ و هاوەڵی شەیتان لە دۆزەخدا.

باوکی (ئیبراهیم) زۆر بە تووڕەی و سەرکەشی وەڵآمی کوڕەکەی ئەداتەوەو پێی ئەڵێت: ﴿أَرَاغِبٌ أَنتَ عَنْ آلِهَتِي يَا إِبْرَاهِيمُ لَئِن لَّمْ تَنتَهِ لَأَرْجُمَنَّكَ وَاهْجُرْنِي مَلِيًّا﴾ [مريم: ٤٦] واتە: ئاخۆ ئەی ئیبراهیم! ئەوە تۆ ئەوەندە بێزارو نیگەرانی لە خواکانی من، دڵنیابە ئەگەر تۆ وازنەهێنی و دەست هەڵنەگری لە باسکردنی خواکانم بە خراپە، لێت قەبوول ناکەم و بەرد بارانت دەکەم، دەبڕۆ بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لێم دووربەو نەتبینم.

بەڵێ بابی ئیبراهیم ئا بەو شێوە توندو تیژیە ڕووبەڕووی ئیبراهیم دەبێتەوە کەچی ئەم هێشتا لە وەڵامی باوکیدا نەرم و نیان دەبێت و دەڵێ: ﴿سَلَامٌ عَلَيْكَ سَأَسْتَغْفِرُ لَكَ رَبِّي إِنَّهُ كَانَ بِي حَفِيًّا*وَأَعْتَزِلُكُمْ وَمَا تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ وَأَدْعُو رَبِّي عَسَى أَلَّا أَكُونَ بِدُعَاءِ رَبِّي شَقِيًّا﴾ [مريم ٤٧-٤٨] واتە: بە ووتەی (سلام علیك) وەڵامی دایەوە کە مانای وایە: لە منەوە هیچ ناخۆشیەکت پێ ناگات و هیچ ئازارێکیشت تووش نابێت، بەڵکو لەلایەن منەوە ساغ و سەلیم دەبیت، لە خوداش دەپاڕێمەوە لێت خۆش بێت و سزات نەدات،

هەروەها خودای پەروەردگارم هەردەم وای راهێناوم کە رێزم لێ بنێت و نزاو دوعام گیرا بکات، جا مەگەر بەهۆی ئەوەی بانگت دەکەم بۆ باوەڕ هێنان بە خوای گەورە، ئازارت پێ بگات، جا ئەوا خۆم لە تۆو میللەتەکەشت بە دوورە پەرێز دەگرم، هەروەک خۆم لەو بتو پەیکەرو خواوەندانەشتان بە دوور دەگرم، تاکو هەر تەنها خودای پەروەردگارم بپەرستم، نەوەک بە پەرستنی ئەو خوداوەندانەی ئێوە بەدبەخت و چارە رەش و رەنج بە خەساربم.

ئیتر دوای ئەو قسەو باسانە لەگەڵا باوکی، ئیبراهیم لای باوکی جێ دێڵێو ئەچێتە شوێنی پەرستگای قەومەکەی بۆ ئەوەی بانگیان بکات بۆ دەستبەرداربوونی بت پەرستیو خواپەرستی تاكو تەنها، کاتێك ئەچێتە ژووری مەعبەدەکە ئەبینێ خەڵکەکە لە پێش بتەکان کرنۆش دەبەنو بتە بێ گیانەکان دەپەرستن، لێیان نزیك بووەوەو بە دەنگێکی بەرز ووتی﴿ مَا هَذِهِ التَّمَاثِيلُ الَّتِي أَنتُمْ لَهَا عَاكِفُونَ﴾ [الأنبياء: ٥٢ ] واتە: ئەرێ ئەوە بۆ واز لەم بت پەرستیە ناهێننو سەرقاڵی بوون کە هیچ سوودو زیانێکیان نییەو هەردەم لەبەریان کەوتوونو کرنۆشیان بۆ دەبەن، ئەوانیش لە وەڵامی (ئیبراهیم) دا ووتیان :﴿ وَجَدْنَا آبَاءنَا لَهَا عَابِدِينَ﴾ [الأنبياء: ٥٣] واتە: ئێمە هەر لە زووەوە ئەم کارەمان دیووە کە بابو باپیرانمان پەرستویاننو شوێن پێی ئەوانمان لەو کارە هەڵگرتووە.

(ئیبراهیم) سەلامی خوای لەسەر بێت، بەشێوەیەکی زۆر ووردو شیاو تێی گەیاندنوبۆی روون کردنەوە کە ئەم بت پەرستیە هیچ

سوودێکی نییەو بگرە کوفرو گومڕاییو سەرگەردانیە، بەڵام نەتەوەی ئیبراهیم بەوە زۆر تورەو نیگەران بوونو بە پیری بانگەوازیەوە نەهاتنو هەر سووڕبوون لەسەر کوفرو بت پەرستیو نەیانویست بگەنە حەقیقەتو هەر لە ئەفسانەییو گەندەڵیو پوچەڵیدا مانەوە، دوای ئەو ووتووێژە لەگەڵ بت پەرستەکان لەناو بت خانەدا ئیبراهیم چووە دەرەوەو لە بیری ئەوەدابوو نەخشەو پیلانێك دابڕێژێت، بۆ ئەوەی هەموو بتەکان بشکێنێتو تەفرو تونایان بکاتو لە دەرفەتێکی گونجاو دەگەڕا تاکو نیازەکەی خۆی بەدی بێنێت، ئەو دەرفەتەش لە رۆژێکی وادا هاتە پێشەوە کە بە جەژنی گەلەکەی دادەنراو (کە رۆژی دوای ئەو قسەو باسانە بوو کە لە بت خانەکە هاتنە پێشەوە)، ئەو رۆژە خەڵکەکە هەمووی چوونە دەرەوە بۆ ئاهەنگ گێڕان لە دەرەوەی شار، ئیبراهیمیش چۆڵ بوونی شاری بە دەرفەت زانیو رۆیشت بۆ کۆڵانو شەقامەکانی شار کەسی تیانەبوو چۆڵاو هۆڵا بوو زۆر دڵی خۆش بوو قازمە یان تەوری لەگەڵ خۆی ئامادە کردو رۆیشت بۆ ئەو پەیکەرخانەی بتەکانیان لێ دانابوو، سووریش بوو لەسەر تێکشکاندنیان، سەیری کرد بینی زۆر لە تەنیشت

یەکترەوە دانرابوون، خواردنی زۆریشیان لە پێش دانراوە بۆیان بەمەبەستی قوربانی کردن بۆیان‌و لێ نزیك بوونیان لەکاتێکدا ناتوانن دەمیشی بۆ ببەن‌و بێ گیانن، ئیبراهیمیش بە گاڵتە پێ کردنەوە ڕووی کردە بتەکان‌و لێ ی پرسین: (ئەرێ بۆچی ئەو خواردنە ناخۆن؟) کاتێك هیچ بتێکیش لەوانە وەڵامی نەدایەوە، دووبارە لێی پرسینەوە: (ئەوە بۆچی دەنگتان نایەت؟) ئینجا دەستی راستی بۆ لار کردنەوەو هەموویانی بە تەورێك شکاندو ووردو خاشی کردن. تەنها بتە گەورەکەیانی هێشتەوە (واتە گەورەترین خواوەندیان) وە تەنانەت تەورەکەشی بەدەستی ئەو بتە گەورەیەدا هەڵواسی، و دوایی پەیکەرخانەکەی بەجێ هێشت.

ئەو گەلە دوای ئەوەی ئاهەنگیان گێڕا لە رۆژی جەژنە نەتەوەییەکەیان، گەڕانەوە بۆ نێو شارو بۆ سوپاس گوزاری خواوەندەکانیان چوونە بتخانەو دیتیان بەتەکانیان چی بەسەر هاتووەو هەر هەموویان تێکشاکاون، تەنها گەورەترین خواوەندیان ماوەو تەورەکەش بە دەستیەوە هەڵواسراوە، بەمەش ترسیان لێ نیشت‌و سەرسام بوون‌و لەنێو خۆیاندا پرسیاریان دەکرد لە یەکتر

ئەرێ ئەوە کێ ئاوای بە خواکانمان کردووە، هەندێکیان ووتیان: (بیستوومانە لاوێك بە خراپە باسی بتەکان دەکاتو ناوی ئیبراهیمەو نەریتی وایە کە عەیبو عاریان لێ بدۆزێتەوەو گاڵتەیان پێ بکاتو هەڕەشەی تێك شکاندنو لەناوبردنی بتەکانی کردووە هەر ئەویشە گومانی ئەو کردارەی لێ بکەین).

هەموویان کۆك بوون لەسەر ئەوەی کە ئیبراهیم دادگایی بکەنو پرسیاری لێ بکەن، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بە سەربازەکانیان ووت خێرا ئیبراهیم بێنن، ئیبراهیم هێنراو لەبەردەمیان وەستابوو، لێیان پرسی :﴿ أَأَنتَ فَعَلْتَ هَذَا بِآلِهَتِنَا يَا إِبْرَاهِيمُ﴾ [ الأنبياء: ٦٢ ] واتە: ئەرێ ئەوە جەنابت وات لەم خواوەندانەمان کردووە؟ ئەی ئیبراهیم؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا بەو رستەیە دەڵێ :﴿ بَلْ فَعَلَهُ كَبِيرُهُمْ هَذَا﴾ [ الأنبياء: ٦٣] واتە: تێك شکێنەری بتەکان بتە گەورەکەیانەو ئاماژەش دەکات بۆ خواوەندە گەورەکەیان کە تەورەکە بەدەستیەوە هەڵواسراوەو

پێشیان دەڵێت:﴿ فَاسْأَلُوهُمْ إِن كَانُوا يَنطِقُونَ﴾ [الأنبياء: ٦٣ ] واتە: دە ئەوەتانێ لێیان بپرسن ئەگەر قسە دەکەن.

ئەوجارەش مشتومڕێکی تریان دەست پێکردەوە لەگەڵا ئیبراهیمو پێی دەڵێن: تۆ خۆت دەزانیت ئەم بتانە دەنگیان لێوە نایەتو ناتوانن قسە بکەن، ئیتر چۆن داوای ئەوەمان لێ دەکەیت پرسیاری ئاخاوتنیان لێ بکەینو داوایان لێ بکەین بۆمان بدوێن دەربارەی ئەوەی بەسەریان هێنراوە؟

ئینجا ئیبراهیم سەلامی خوای لەسەر بێت پێیان دەڵێت :﴿ أَفَتَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكُمْ شَيْئًا وَلَا يَضُرُّكُمْ*أُفٍّ لَّكُمْ وَلِمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴾ [ الأنبياء: ٦٦-٦٧] واتە: ئایا ئێوە لەجیاتی خواپەرستیو عیبادەتی خودای پەروەردگاری جیهانیان ئەو بتە بێ هەستو بێ گیانو بێ دەسەڵاتانە دەپەرستن کە توانای سوودو زیانێکیان بۆتان نییە؟ ئیبراهیم بێزاری دەردەبڕیو دەڵێ بەڕاستی من زۆر پەستو بەداخم لەو کارە پیسو چەپەڵاو نا هەموارەتانو لە خۆتانو ئەو بتانە، کە لەجیاتی (خودا) (اللە)

پەرستنشیان دەکەن‌و دەیان پەرستن، دەی ئیتر تۆزقالێك فكرو عەقلّتان نییە كە بیربكەنەوەو پەشیمان ببنەوە، كاتێك بت پەرستەكان دەبینن گلۆڵەیان كەوتۆتە لێژی هیچ بەڵگەو بیانوویەكیان بە دەستەوە نامێنێت، یەكسەر واز لە وتوویژو دەمەتەقێ‌و موناقەشەی بەرامبەر دێنن‌و پەنادەبەنە بەر تۆڵە سەندنەوە لە ئیبراهیم بۆ ئەوەی شەرمەزاری‌و ریسواییەكانیانی پێ دابپۆشن، بۆیە هەندێكیان ووتیان سزاو تۆڵەی ئیبراهیم چی بێت‌و شایەنی چ جۆرە سزاو عەزابێكە، ووتیان :﴿ حَرِّقُوهُ وَانصُرُوا آلِهَتَكُمْ إِن كُنتُمْ فَاعِلِينَ﴾ [الأنبياء: ٦٨] دیارە خواكانیان هیچ دیفاعو بەرگریەكیان پێ نەكرا لە خۆشیان بۆیە ویستیان بەرگریان لێ بكەن‌و حوكمی مەرگیان دەركرد بە سوتاندن‌و ویستیان بیسووتێنن‌و ووتیان: (ئیبراهیم بسووتێنن)، یارمەتی خواكانتان بدەن!! (ئەی هاوارو ئۆف بۆ ئەو خوایانە كە نەتوانن بەرگری لە خۆشیان بكەن‌و مێشوولەیەك لە خۆیان دووربخەنەوە)، هەندێكی تریان بڕیارێكی تر دەردەكەن وەك لە شوێنێكی تری قورئان باس دەكات‌و دەفەرمووێ :﴿ قَالُوا ابْنُوا لَهُ بُنْيَانًا فَأَلْقُوهُ فِي الْجَحِيمِ﴾ [ الصافات:

[٩٧] واتە: دوای ئەوەی کە قسەیان بڕاو پەکیان کەوتو ووتیان، شورە بینایەکی بڵندو مەنجەنیقێکی گەورەی بۆ دروست بکەنو پڕی بکەن لە دارو ئاگر، ئەوسا تێی فڕێ بدەنە ناوێ ئەوانیش ئیبراهیمیان خستەناو مەنجەنیقو ووتی (حَسْبُنَا اللَّه وَنِعْمَ الْوَكِيلُ) واتە: تەنها خودا بەسمە پشتو پەناو هاوکارو یارمەتیدەرم بێت.

هەر لەو بارەیەوە مامۆستا عبدالمنعم الهاشمی لە کتێبەکەی خۆی (موعجیزەی پێغەمبەران) دەڵێت: (ئیبراهیم) پێغەمبەر سەلامی خوای لەسەر بێت، وەڵامی کافرەکانی دەدایەوە بە شێوازێکی زۆر زانایو بیرمەندانە کە وەڵامەکانی بەڵگەی نەفامیو جەهلو نەدانیو شێتیو فامکالیەتی بێ باوەڕەکانی دەگەیاند، هەروەك چۆن پێی ووتن: ﴿بل فعله كبيرهم هذا فسئلوهم إن كانوا ينطقون﴾

بۆ ئەوەی بۆیان دەرکەوێ کە ئەم بتو سەنەمانە نەعەقڵیان هەیەو نەئەتوانن قسە بکەنو بەرگری لە خۆیان بکەن بەڵکو بێ گیانو کەرو لاڵن، ئامانجو مەبەستی (ئیبراهیم) سەلامی خوای

لەسەر بێت، بریتی بوو لەوە کە کارەکانیان بە پوچو سەیرو سەمەرەو خراپ لە قەڵەم بداتو سەرزەنشتو تەوبیخیان بکات لەسەر بت پەرستیو بەڵکو بێنەوە هۆش خۆیانو ژیریو بیریان بخەنە کارو چاوێك بە رابردووی خۆیاندا بخشێننەوە، ئەم هەڵوێستو بۆچوونەی (ئیبراهیم) یش راستەوخۆ کاریگەری دروست کرد لەسەر دەروونی هەندێکیانو بەیەکتریان دەووت: بەڕاستی بڕو بیانوو دەلیلو بەڵگەکانی ئێمە زۆر لاوازو بێ هێزنو شکستێکی گەورەمان خوارد بەرامبەر بە (ئیبراهیم)، وە هەندێکی تریان بەیەکتریان دەووت: بەڕاستی ئێمە نەفامو کەم عەقڵینو کە دارو بەردو پەیکەر دەپەرستین کە نەدەتوانن ببیستنو نەدەتوانن قسە بکەنو وە ناتوانن بەرگری لە خۆشیان بکەن، چجای بتوانن سوودیان هەبێت بۆ ئەوانەی کە دەیانەپەرستنو عیبادەتیان دەکەن، نەك بتوانن زیانو ئازاریان لەسەر لابدەن، وەنەیان توانیووە بەرگریو دیفاع لە خۆیان بکەن کە بە تەورە ووردو خاشو پارچە پارچە کران، بەڵام کافرو بێ باوەڕەکان وەك پیشەی هەردەمیان گەڕانەوە سەر دۆخی جارانیانو سووربوون لەسەر ڕێبازو ڕێچکەی نەزانیو نەفامی، بە

(ئیبراهیم) یان دەووت: تۆ خۆت باش دەزانیت ئەم بتانە ناتوانن قسە بکەن، ئیتر چۆن داوای ئەوەمان لێ دەکەیت پرسیاریان لێ بکەین، چونکە تۆ زۆر باشو لە ئێمە باشتر دەزانی کە ناتوانن ئاخاوتنو گفتوگۆ بکەن.

ئا لەو کاتە هەستیارەدا (ئیبراهیم) توانی ئەم هەلە بقۆزێتەوەو ئەم هەڵوێستە بەرهەمدار بکات، پێی ووتن: ئەدی ئەگەر ناتوانن قسە بکەنو سوودیان نییە بۆتان بۆچی عیبادەتیان دەکەنو دەیانپەرستنو پەستیو بێزاریو داخو دڵگرانی خۆی دەردەبڕێتو دەڵێت: ﴿ أُفٍّ لَّكُمْ وَلِمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴾ [الأنبياء: ٦٧]

واتە: بەڕاستی من زۆر پەستو بێزارو بەداخمو دڵتەنگم لەو کارە پیسو ناهەموارەتانو لە خۆتانو ئەو بتو پەیکەرانەی کە لەجیاتی خودا دەیانپەرستنو کڕنۆشیان بۆ دەبەن، دەی ئیتر گەر عەقڵتان هەیە پەشیمان ببنەوە.